# خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خودایە گۆڕەکەم نەکرێت بە بتێک -کە بپەرسترێت-، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لە کەسانێک گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت».

[سەحیح - ڕاست] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پاڕایەوە لە پەروەردگاری بەوەی گۆڕەکەی وەکو بتی لێ نەیەت کە خەڵکی بیپەرستێت و بەمەزنی دابنرێت، وڕووی لێبکرێت بە سوجدە بردن، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە توڕە بووە لە کەسانێک ولە ڕەحمەتی خۆی دووری خستەوە چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت -شوێنی پەرستن- ودیواریان لەسەر دروستکرد، چونکە کردنی گۆڕی پێغەمبەران وپیاوچاکان بە مزگەوت هۆکارە بۆ پەرستنیان وباوەڕبوون پێیان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3336